https://doi.org/10.31918/twejer.17mlc.1

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# خوێندنی کوردیی لەچێوەی بەڵگەنامەی پڕۆگرامدا

پ. د. محەمەدی مەحویی
بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی زمان-

**پوخته**

خوارووی کوردستان لەدوای ڕاپەڕینەکەی (١٩٩١) ەوە گۆڕانکاریی ئەرێنی فرە لایەنی بەسەردا هات: هەبونی ئازادیی، کەمبونەوە یان نەمانی تـــرس، پێشـــکەوتنی ئـــابووریی، پەرەســـەندنی پەیوەنـــدییە زۆر و بەردەوامەکانی نێوان شار و شارۆچکەکان لەگەڵ کردنەوەی زانکۆکان، زۆربوونی کۆلێژەکانی زمان و بەشی کوردیی زەمانێکی دیکە و نوێیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیی و پێویستیی تاک و کۆمەڵەکان هێنایە ئاراوە، کە بە بیر و بیرکردنەوە و لێکدانەوەکانی پێشتر تێر نەدەکران.

بۆ ئێمەی کورد، پێشخستنی پرۆگرامی خوێندنی کوردیی بریتییە لە گرتنەبەری بەرنامە و ڕێبازی لێکۆڵینەوە لە بەدەستخستنی کۆزانیاریی زمانیی (ڕێزمان، فەرهەنگ و ئۆرسۆگرافیی) و بـرەودان بە توانستی منـدالانی کوردستـان، لەڕوی ئـاوەز (پەیپێبردنـی خێراتـر و وردتـر) و لێکدانەوەی پەیوەندییە بەشداربوە جیا و بەیەکداچووەکان لە چشت و ڕوداوەکاندا، بەمەبەستی داهێنان، چارەسەرکردنی کێشە و دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ گرفتەکان و بەم پێیەیش بەشداریکردن لە پێشخستنی خودی زانستەکەدا.

ئەم بەڵگەنامەیەی خوێندنی کوردیی یەکێک دەبێت لە بەشداریە بنەڕەتیی و بنەماییەکان لە پێشخستنی پرۆگرامدا لە کوردستاندا، بۆ ئەوەی منـدالانمان بـۆ خوێنـدنی دوای دواناوەنـدیی (پەیمانگـا و زانکـۆ) پێبگەیەنرێن، تاوەکو لە نیشتمانەکەماندا بە سەرکەوتویی لەم سەدەیەدا لە ژیـانی پیشـەیی و ڕۆژانە و دنیـای زمـان و وێژەوانییـدا بە بەختەوەریـی بـژیین. دیـارە، کە ئەم خوێنـدنە و وەرگرتنـی زمـانی دوهەم، بەتـایبەتیی ئەوەی زمـانە جیهانیەکـان، لەگەڵ سـود بینیـن لە بەرهەمە پیشەسـازیی و تەکنەلۆژیەکان، بەشداریی دەکەن لە گێڕانەوەی ناواخنە پڕ بەنرخ و بەها

بالآکە بۆ تاک و کۆمەڵانی وڵاتەکەمان و دەبێتە هۆی ئەوەی بە ئاگابن لە شوێن و جێگەی زمانەکەی خۆیان و وێژەوانیەکەیان بەرز بنرخێنن. ئەم ئەنجامە دەستکەوتووە بۆ ئەوەیش دەگەڕێتەوە، کە ڕێزمان و بەشێکی گەورە و گرانی دنیابینیی، بۆچونی مرۆڤی کورد لەبارەی دنیا و هەبون، بیر و بیرکردنەوە (کولتورەکەی) لە وشەکان و زمانە نەتەوەیەکەیدا (زار و وەچازەرەکان) هەڵگیراون و ڕۆشنبیریی کۆمەڵ و تاکەکانی نەتەوەکەمان دەنوێنن. گشت ئەوانە دەنەخشێنن، کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە مێشکمانەوە هەیە.

**وشەی کلیلی**: خوێندنی کوردیی، ڕێزمانی کوردیی، ڕێزمان، بەڵگەنامەی پرۆگرام و پرۆگرامی خوێندن.

**خوێندنی کوردیی لەچێوەی بەڵگەنامەی پڕۆگرامدا**

**پێڕست**

**پێشەکیی**

**١/ زمان و مۆدێلی ڕێزمانی کوردیی**

١/١/ پێکهاتەکانی ڕێزمان

٢/١/ فەرهەنگی ئاوەزیی

**٢/ بەڵگەنامەی بەرنامەکان**

١/٢/ هۆی لۆژیکیی

٢/٢/ ئامانجی گشتیی خوێندنی زمانی دایک و خوێندنی کوردیی

٣/٢/ پێوەرەکانی ناوەرۆک بۆ پۆلەکان

٤/٢/ ئامانجی هەر پۆلێک لە پۆلەکانی خوێندنی کوردیی

**٣/ بوارەکانی بەڵگەنامەی پڕۆگرامی خوێندنی کوردیی (١_٣)**

١/٣/ تەوەرەکان

٢/٣/ تەوەرەکان بۆ پۆلی یەکەم

٣/٣/ پێوەرەکانی ناوەرۆک بۆ پۆلی (١_٣)

٤/٣/ ئامانجەکانی خوێندنی کوردیی پۆلی (١)

## پێشەکیی

لێژنەیەک لە پسپۆڕی زانستی زمان و پەروەردە لەگەڵ ژمارەیەک لە سەرپەرشتکاری پەروەردە و مامۆستایانی خاوەن ئەزمونی پۆلی یەکەمی بنەڕەتیی دیاریکران بۆ دانانی کتێبی خوێندنی کوردیی لەبری سەرچاوە مێژوییەکەی ئەلفوبێی کوردیی، کە چەندین ساڵ بۆ گوتنەوەی زمانی کوردیی سودلێبینرابو. پاش تەواوکردنی کتێبە سەرەکیەکە، کتێبی چالاکیی/ڕاهێنان و ڕابەرەکەی کەوتنەبەرچاوی خوێنەران بەگشتیی، هەروەک لە خواروی کوردستاندا باووبڵاوە، سەرچاوەکان بوونە مژار و بابەتی هەندێک لە ڕاژەکارانی پەروەردە و مامۆستا و بەرێزانێکیش، کە لە زانستەکانی زمان و پەروەردە و سیستەمەکانی ئەوەی دواییان بەئاگانیین. ئەم ڕونکردنەوە و ڕاڤەکردنانە لەسەر بەڵگەنامەی پرۆگرامەکان بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئەو بەڕێزانە هێنراونەتەوە، کە تێبینیی یان ڕەخنەیان لەسەر سەرچاوەکانی خوێندنی کوردیی هەبوە.

بەهەرحاڵ، جیهان لەو چەندیین دە ساڵەی دواییدا جوڵە و چالاکییەکی زانستیی لە پێشکەوتنی لەبواری پرۆگرامی زانستەکانی قۆناغە فرە جۆرەکانی خوێندندا بەخۆوە بینی. ئەم گۆڕانکارییە لە ئەنجامی تەقینەوەی کۆزانیارییەکی/مەعریفەیەکی گەورە هاتە ئاراوە، کە کۆزانیارییە جۆراوجۆرە زانستیەکانیشی گرتەوە. پێشکەوتنە خێراکەی ڕێبازی کارکردن/ لێکۆڵینەوەش بەشداریی کاریگەری لەو پێشکەوتنەدا ئاشکرایە. خۆ چاک بونی دنیای ئابووریی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی لەگەڵ شۆڕشە مەزنەکەی هۆکانی پەیوەندیی ئەم سەردەمە و تەکنەلۆژیا نوێکانیش ناتوانرێن لەو گەشەسەندنەدا نەبینرێن. بنەما و هاندەری سەرەکیی هەوڵدان بۆ پێشخستنی پرۆگرام و بەرنامەکانی زانست بە گشتیی پێشکەوتنی بە بەرچاوەوەی ڕێبازی لێکۆڵینەوە بو بۆ بە دەستخستنی کۆزانیاریی.

خۆشـبەختانە، خـوارووی کوردسـتان لەدوای ڕاپەڕییـنەکەی (١٩٩١) ەوە گۆڕانکـاریی ئەرێنـی فـرە لایەنـی بەسـەردا هـات: هەبـونی ئـازادیی، کەمبـونەوە یـان نەمـانی تـرس، پێشـکەوتنی ئـابووریی، پەرەسـەندنی پەیوەنـدییە زۆر و بەردەوامەکـانی نێـوان شـار و شـارۆچکەکان لەگەڵ کـردنەوەی زانکۆکـان، زۆربـوونی کۆلێژەکـانی زمـان و بەشـی کـوردیی زەمـانێکی دیـکە و نوێیـان لە ژیـانی کـۆمەڵایەتیی و پێویسـتیی تـاک و کۆمەڵەکان هێنایە ئاراوە، کە بە بیر و بیرکردنەوە و لێکدانەوەکانی پێشـتر تێـر نەدەکـران. ویسـت و ئامانجەکـانی تەنـانەت پارتەکـان، حکـومەت و دامەزراوەکانیش هەر وەک ئەو ویستانەی سەردەم و ڕۆژگاری شۆڕش نەمایەوە. تەکنەلۆژیای نوێ، لە کۆمپیوتەر، سەتەلایت و دەزگا و ئامێری تر تەنها ڕاگەیاندنێکی سەردەمییان نەهێنایە کوردستانەوە و کوردانیان لەیەک نزیـک نەکـردەوە، بەڵکـو گـۆڕینی لە چەشـنی ژیـان، پێویسـتیی و هیـوای زۆرتـر و ئاڵۆزتریشـی سـەپاند بەسـەر هەموانـدا. هەرچەنـدە لە چونمانـدا بەرەو ئەم ژیـنگە و دنیـا تازەیەمـان بە گشـتیی بە بێ بەرنـامە بەڕێـوە بـرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشـدا هێشـتا ئەمە هەر بەشـێکی گرنـگ و ئەرێنیـی ئەو گۆڕانکاریـانە دەنوێنێـت. لە منـداڵانی نەوەی نـوێی کـورددا زیرەکیی و توانستێکی بایەلۆژیی ئاشکرا بەدەرکەوت، کە خۆیان لە هێزی درککـردن و پەیپێبـردن بە وردەکاریەکـان و پەیوەنـدییە لۆژیکیەکانـدا بەرجەسـتەدەکەن. ئەوەتـا، دایـک و باوکـان و سەرپەرشـتیاران هەر لە سەرەتای هـاتنی ئامێرەکانی کۆمپیوتەر و پەیوەندییە سەردەمیەکانی ئەم ڕۆژگارەوە بۆ وڵاتەکەمـان لە توانـای بەکارهێنـانی تەواو و سـەرکەوتوی ڕۆڵەکانیان دڵنیابون.

جـوڵەی کۆزانیـاریی جیهـانیی و لەگەڵیـدا ئەوەی نێشتمانیەکەیشـمان/ نەتەوەییەکەیشمان پێویستە کۆزانیاریی زانستییش بگرێتەوە. ئەو ڕاستییە بە ڕونیی دەبینرێت، کە لە خوارووی کوردستاندا کەم یان زۆر کۆزانیـارییە

زانستیەکان بە زانستەکانی وەک بیرکاریی، زانست و .. هتد. گەیشتووە. ئەوەی جێی داخە ئەوەیە، کە لە نەبونی سکوڵی زانستی زمان و دەزگای ئەکادێمیای زماندا، زانستی زمانی کوردیی و زمانی کوردیی پەروەردە و پێگەیاندن لە پێشکەوتنی کۆزانیارییە زانستیەکە زۆر بێبەشن.

بۆ ئێمەی کورد لەم ڕۆژگاری پێشبڕکێیەدا لە پێشکەوتندا پێشخستنی بەرنامەی خوێندن پێویستییەکی هەنوکەیی و گرنگە. لەگەڵ ئەوەیشدا، هەر لە سەرەتاوە بۆ ئێمەی پسپۆڕانی زانستی زمانی کوردیی ئاشکرابو، کە لەبری پێشخستنی پڕۆگرامەکە پێویستمان بە دانانی پڕۆگرامی خوێندنی نوێیە. واتا، بە پێداچونەوە و جوانکردنی پڕۆگرامە کۆنەکە کارەکە تەواو و سەرکەوتوو نابێت. ئەلفوبێی کوردیی فەرەیدوون ئەمیین باڵدار لەو جۆرە سەرچاوانەی فێرکردن بو، کە بۆ لەبەرکردن، گوتنەوە و گەلێک جاریش لاسایکردنەوەی دەنگ، بڕگە، وشە و دەربڕدراوەکان دانرابو. کەواتە ئەلفوبێکە هەلومەرجی بۆ پەیبردن بە پەیوەندییەکان، لێکدانەوە، هەڵهێنجان و بڕیاردانی لەبۆ قوتابیەکان نەدەڕەخساند. ئەم لایەنانە، بۆ نمونە، ئەو بنەما و بەهایانەن، کە پەروەردە دەیەوێت لەڕێیانەوە، منداڵ چۆن زمانی دەپژێت، خۆیشی فێرببێت، مرۆڤی چالاک، بە بەرهەم، داهێنەر و بڕوا بەخۆ و سەربەخۆ لە نەوە نوێکان بهێنێتە بەرهەم. خۆ نەبونی بەڵگەنامەی پڕۆگرام و پەیڕەونەکرندی ڕێبازی کارکردنی سەردەمیانەیش هۆکاری لاوازیی ئەو چەشنە سەرچاوانەی فێرکردن بون.

لێرە و لەوێ، هەندێک دامودەزگا، دامەزراوە و کەسانێک بەتەنها هەوڵی کارکردن و بەدەستخستنی بەرهەمی زانستییان داوە، بەجۆرێک کە هاوتەریب لەگەڵ ویست و ئامانجە جیهانیەکەدا بێت و بڕوات، بەڵام بەداخەوە کە زۆربەیان پێڕەوبەندانە نەبون و ئاسانکارییان لەلایەن وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە بۆنەکراوە. بە واتایەکی تر، ئەو تەقەلایانە لە نەبونیی پشتیوانییدا یان سەرکەوتوو نەبون یان هەر لە سەرەتاوە

شکستیان خواردووە. دانانی پڕۆگرامی خوێندنی کوردیی، بە فەرهەنگ، ڕێزمان و ویژەوانیەکەیەوە، نمونەیەکی زیندووە بۆ ئەو ڕاستییە.

بۆ ئێمەی کورد، پێشخستنی پڕۆگرامی خوێندنی کوردیی بریتییە لە گرتنەبەری بەرنامە و ڕێبازی لێکۆڵینەوە لە بەدەستخستنی کۆزانیاریی زمانیی (ڕێزمان، فەرهەنگ و ئۆرسۆگرافیی) و برەودان بە توانستی منداڵانی کوردستان، لەڕوی ئاوەز (پەیپێبردنی خێراتر و وردتر) و لێکدانەوەی پەیوەندییە بەشداربوە جیا و بەیەکداچووەکان لە چشت و ڕوداوەکاندا، بەمەبەستی داهێنان، چارەسەرکردنی کێشە و دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ گرفتەکان و بەم پێیەیش بەشداریکردن لە پێشخستنی خودی زانستەکەدا.

ئەم بەڵگەنامەیەی خوێندنی کوردیی یەکێک دەبێت لە بەشداریە بنەڕەتیی و بنەماییەکان لەپێشخستنی پڕۆگرامدا لە کوردستاندا، بۆ ئەوەی منداڵانمان بۆ خوێندنی دوای دواناوەندیی (پەیمانگا و زانکۆ) پێبگەیەنرێن، تاوەکو لە نیشتمانەکەماندا بە سەرکەوتویی لەم سەدەیەدا لە ژیانی پیشەیی و ڕۆژانە و دنیای زمان و ویژەوانییدا بە بەختەوەریی بژیین. دیارە، کە ئەم خوێندنە و وەرگرتنی زمانی دوهەم، بەتایبەتیی ئەوەی زمانە جیهانیەکان، لەگەڵ سود بینیین لە بەرهەمە پیشەسازیی و تەکنەلۆژیەکان، بەشداریی دەکەن لە گێڕانەوەی ناواخنە پڕ بەنرخ و بەها باڵاکە بۆ تاک و کۆمەڵانی وڵاتەکەمان و دەبێتە هۆی ئەوەی بە ئاگابن لە شوێن و جێگەی زمانەکەی خۆیان و ویژەوانیەکەیان بەرز بنرخێنن. ئەم ئەنجامە دەستکەوتووە بۆ ئەوەیش دەگەڕێتەوە، کە ڕێزمان و بەشێکی گەورە و گرانی دنیابینیی، بۆچونی مرۆڤی کورد لەبارەی دنیا و هەبون، بیر و بیرکردنەوە (کولتورەکەی) لە وشەکان و زمانە نەتەوەیەکەیدا (زار و وەچازەرەکان) هەڵگیراون و ڕۆشنبیریی کۆمەڵ و تاکەکانی

نەتەوەکەمـــان دەنـــوێنن. گشـــت ئەوانە دەنەخشـــێنن، کە ڕاســـتەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە مێشکمانەوە هەیە.

### ١/ زمان و مۆدێلی ڕێزمانی کوردیی

١/١/ پێکهاتەکانی ڕێزمان

١. زمـان وەک مـۆدولێکی سـەربەخۆی مێشـک مـۆدولارییەو لە چەنـد مـــۆدولێکی/پێڕەوێکی چـــڕ و ئـــاڵۆز پێکهـــاتوە، کە ســـینتاکس، مۆڕفۆلـــۆژیی، فۆنۆلـــۆژیین. لە مـــۆدێلی ڕێزمانـــدا بە گشـــتیی، ئەم پێـــڕەوانەیش ســـەربەخۆ لەکـــاردان، بەڵام لەگەڵ یەکتریشـــدا لە پەیوەنـــدیی پێکەوەکـــاردان و کارلێکیشـــدان. لە مـــۆدێلی ڕێزمـــانی کوردییـــدا، پێڕەوەکان/پێکهاتەکـــانی مۆڕفۆلـــۆژیی و ســـینتاکس ڕژاونەتەنـــاویەکەوە و تـــێکەڵ بەیەکتریـــی بـــوون (مـــحەمەدی مەحویی:٢٠١٠). لێرەوەیە، کە ژمارەیەک تایبەتمەندیی و ئەدگارەکانی کرمانجیی ناوەڕاست دروسبوون و پێویستە لە هەر کارێکی زانستیی لەسـەر زمـانەکە و بەتـایبەتیی لە دانـانی سـەرچاوەکانی خوێنـدن و پەروەردەدا تەواو و وەک پێویســـت ڕەچـــاونەکرێن (مـــحەمەدی مەحویی: ٢٠١١). لێرەدا ئاماژە تەنها بە هەبونی کاتەگۆریە جیاوازە فەرهەنگیی و سینتاکسیەکان دەدرێت لەگەڵ ڕۆڵی هێزی هەمبەریی و تەوژم لە پەیوەنـدیی نێـوان ڕێزمـان و واتـادا (مـحەمەدی مەحـویی: ٢٠١٦). بیرەکـان لە مێشـکدا هەڵگیـراون و مۆڕفێمەکـان بۆیـان هەر لە مێشـــکدا ڕیزدەکـــرێن، تـــاوەکو لە ئەنجامـــدا بە دەم/دەنـــگ یـــان بە نوســـیین/بە پییـــت دەرببـــڕدرێن. لە چونەنـــاویەکی پێکهاتەکـــانەوە پەیوەندییەکی ئاڵۆزی نێوان بییر و زمـان ئاشکرادەبێت و چاوەڕێی فرە_چەشـــــنیی لە دەربڕینەکـــــان دەکرێـــــت (ســـــینتاکس،

مۆرفۆسینتاکس/کرداری ئاڵۆز و پێکهاتوو و دروستەی جیاوازی هەمان_واتایی) بە شێوازی جۆراوجۆرەوە.

٢/١/ فەرهەنگی ئاوەزیی

## ٢/ بەڵگەنامەی پرۆگرام

لەکاتێکدا، چێوەی گشتیی پرۆگرامەکان ئامانجە گشتیەکانی سستەمی خوێندن دیاریدەکات، بەڵگەنامەی پرۆگرامەکان بۆ هەر خوێندنێکی وەک خوێندنی کوردیی ئەو ڕێگا و ئامێرانە دیاریدەکات، کە بەشداریی لە بەدەستخستنی ئەو ئامانجە گشتیانەدا دەکات. بە واتایەکی دیکە، ئێمە پێویستمان بە بەڵگەنامەکە هەیە، بۆئەوەی بەتەواویی بزانیین چیمان لە قوتابیی دەوێت، فێریببێت یان دەبێت قوتابی فێری چیی بێت و لە ئەنجامی ئەمەیشدایە، کە دەزانرێت مامۆستا لەسەریەتی چیی لە پۆلدا بڵێتەوە و ڕێگاکانی نرخاندنەکانی چیین (مشروع توير المنهاج العراقية: ٢٠١٣).

بەڵگەنامەکە ئەوە پەسندەکات، کە دەبێت قوتابیی بەپێی سستەمی خوێندن یان بەگوێرەی وەزارەتی پەیوەستدار لە خوێندنێکی دیاریکراودا فێریببێت. بەڵگەنامەکە ژێربێژیی و ڕێسا_بنەماییەکان (مەبدەئەکان) و ئەو سەرەکییانەی خوێندنە دیاریکراوەکە بە کردەوە جێبەجێ و بەرجەستەدەکات، کە لە چێوە گشتیەکەی بەرنامەکانی حکومەتی هەرێمدا هاتون. بەم جۆرە، بەڵگەنامەی پرۆگرامە دیاریکراوەکە کۆزانیاریی، چاپوکیی و توانای جێبەجێکردن و بەجێهێنانی چاوەڕێکراو تەواو دیارییدەکات– پێماندەڵێت ئەوانە کامانەن و چیین. هەروەها دەرکردەکانی فێربونە چاوەڕێکراوەکەیشمان دەخاتەبەرچاو. بە واتایەکی دیکە ئەو پێوەرانە پەسندەکات (وەسفدەکات)، کە پێویستە قوتابیی بەپێیان لە

خوێندنەکەیدا لە یەکێک لە قۆناغەکانی خوێندندا بە ئەنجامیانبگەیەنێت. کەواتە، پێوەر، مەرج و سنورداركردنەکانی ئەو پرۆگرامە دادەنێت، کە لە پۆلدا دەگوترێتەوە. لەم ڕووەوە، بەراوردکردنێکی پرۆگرامی خوێندنی زمانی کوردیی پێش_زانکۆیی و زانکۆیی جیاوازییەکی گەورەمان بۆدەردەخات.

لە ئەنجامدا دەردەکەوێت، کە دانانی بەڵگەنامەی پرۆگرامەکان هەوڵی زانستیی و پەروەردەییە بۆ گەشەدان بە بەرنامەی خوێندن لە چێوەیەکی گشتیی بەرنامەکانی دەوڵەتدا بۆ دانانی پرۆگرامی خوێندنی نوێ یان بۆ پێداچونەوە و چاکترکردنی پرۆگرامەکانی، کە هەن- بە جۆرێک کە لەگەڵ گۆڕانکاریە گەورە و خێراکاندا بگونجێت. ئامانجیش لێی ئەوەیە، کە منداڵان بۆ ژیانی سەرکەوتوو لەم سەدەیە و سەدەکانی داهاتوودا ئامادە بکرێن (بڕوانە پێشەکیی!).

بەڵگەنامەکە تەنها ناوەرۆک (داتاو کەرەستە) ناگرێتەوە، بەڵکو ئەمانەیش ڕووندەکاتەوە و پەسنیاندەکات: (ا) هۆکارەکانی گرنگیی خودی خۆی، (ب) ئامانجەکانی خوێندنێک لەگەڵ دەرکردە و ئەوەی قوتابیی پێویستە پێیبگات/بەئەنجامیبگەیەنێت، (پ) کەی و چۆن فێربوون دەبێت، (ت) پێوەرەکانی چیین، چۆن فێربونەکە دەنرخێنرێت.

ژیربێژیی/فەلسەفە، ویست و باوەڕی ئێمە لە هەرێم چاکترکردنی نەوعییەتی خوێندنە، بۆیە ئاراستەکردنی خوێندن لە کۆمەڵەکەماندا پێویستە.

ئەدگارەکانی بەڵگەنامەی هەر خوێندنێک: بەڵگەنامەکە هەمو مەبەستە گشتیەکانی خوێندنەکە، ئامانجەکانی، دەرکردەکانی و ناوەرۆکەکانی دەگرێتەوە. لەسەرووئەوەیشەوە پەیوەندیەکانی نێوان بوار و تەوەرەکان،

ستراتیژیی نرخاندن، ڕێگەکانی وانەگوتنەوەی مامۆستایان، سەرچاوە و بابەتەکان/کەرەستەکان لەخۆدا هەڵدەگرێت. بەڵگەنامەکە هۆ و ئامێرێکی گرنگی لەو چەشنەیە، کە ڕێگە بە جێبەجێکردنی ڕێسا_بنەماییەکانی دەدات و بینینی چێوە گشتیەکەی بەرنامەی خوێندنەکە دەرەخسێنێت. ئەم دوو لایەنە ئەدگاری کارەکیی/عەمەلیی و پیشەیی بە بەڵگەنامەکە دەدەن و لە نەوعییەتی فێربوون و فێرکردنی خوێندنەکە بەرزدەکەنەوە. هەروەها، وەک ئەو هۆ و ئامێرەیش، زانیاریی ورد و تەواو و ڕێنمایی ڕوون دەخاتەبەردەست مامۆستایان لە جێبەجێکردنی پیشەی مامۆستاییان و گوتنەوەی وانەکاندا. هەروەها دەیشیانخاتەبەردەست پسپۆڕانی پەروەردە و ڕاژەکارانی لە دانانی بەرنامەی ئامادەکردن و پێگەیاندندا و بە دانەرانی سەرچاوەکانی/کتێبەکانی خوێندن و یەکەکانی نرخاندنیشی دەگەیەنێت. بەڵگەنامەکان بەشداریکردنی هەمو ئەو لایەنانەی کۆزانیاریی، تێگەیشتن و سودبینیین لەو نەخشە ڕێگایەیان هەیە، بۆیە ئەوە ڕوندەکەنەوە کە وەزارەتی پەروەردە لە فێربوون، وەرگرتن و تێگەیشتنی قوتابییدا لە زنجیرە قۆناغەکانی تەواوی خوێندنەکەیدا چاوەڕێیاندەکات. لێرەوە ئاشکرادەبێت، کە بەڵگەنامە ئامڕازی بەنرخی بەدەستخستنی ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان پرۆگرام و ڕاهێنانی مامۆستایە– لە کاتی خوێندنی پیشەی مامۆستاییەکەیدا و لەدوای تەواوکردنی یان سەردەمی مامۆستاییەکەی. لەگەڵ ئەوەیشدا بەشدارییدەکات لە بەدەستهێنانی شێوازەکانی وانەبێژیی/وانەگوتنەوە، کتێبەکانی خوێندن، بابەت و سەرچاوەکانی خوێندن و هەڵسەنگاندن و نرخاندندا.

ئەگەر هەوڵەکە گەشەدان بێت بەو بەڵگەنامەی پرۆگرامەی، کە هەیە و ئامادەیە یان دانانی "بەڵگەنامەی پرۆگرام" ێکی تەواو نوێ بێت، وەک لەبۆ خوێندنی کوردیی، ئەوا پێویستە پرۆژەکە ئەم قۆناغانە لەخۆبگرێت:

١. پێداچونەوە بە بەڵگەنامە کۆنەکەدا و پلاندانان.

٢. ئامـادەکردن و نوسـینی مسـوەدەی خـاڵە سـەرەکیەکانی بەڵگەنـامە نوێکە.

٣. ئامادەکردنی بەڵگەنامەی پڕۆگرامەکە.

٤. جێبەجێکردن و بەجێهێنانی.

١/٢/ هۆی لۆژیکیی

خوێندنی زمانی کوردیی حەزی قوتابی بەرەو تێڕامان و وربونەوە لە زمـــان دەبزوێنێـــت، ئـــارەزوی بـــۆ دیراســـەکردنی دەوروژێنێـــت و هەلومەرجەکـــانی بۆدەرەخســـێنێت، بە ئەدگـــار و تایبەتمەنـــدیەکانی پێـــڕەوەکەی و پەیوەنـــدیەکانی نێـــوان مـــرۆڤ و زمـــانی (ی دایکـــی) پێکهاتەکـانی ئاشـنا ببێـت. هەروەهـا وەهایشـیلێدەکات، بـایەخ بە زمـان، بە پاراسـتن و بە گەشـەپێدانی بـدات. لەتەکیشـیدا، بـوار و بابەتەکـان- بەپێـی قۆناغەکانی خوێندن و لەڕێی خوێندنەوە و نوسـینی پەخشـانەوە- چەمکە زانسـتیەکانی زمـان بە تـاقیکردنەوە و ئەزمونەکـانی خـودی قوتـابییەوە گرێـدەدات. خـۆ دەبێتەهـۆی ئەوەیـش، قوتـابی بتوانێـت چـالاک بێـت، تاقیکردنەوە بکات و لەڕێی نمونە (پەڕادیگمـایی) هکان و نمونەهێنـانەوەوە لێکدانەوە و هەڵهێنجان و نرخاندن بکات. گشت ئەمـانە دەبنەهـۆی پەرەدان بە تواناکانیـان لە بیرکـردنەوەی ڕەخنەگـرانە و داهێـنەرانە، لە گەڕانەوە و پشتبەستن بە ئاماژە و بەڵگە. لە قۆناغەکانی دواتـردا، ئەم خوێندنی زمـانە هاندەردەبێت بۆ قوتابیی بەدوای پێشکەوتنەکاندا لە زانستی زمانـدا بچێت و بە ئاگابێت لە گەشەسەندنەکانیدا و لە پەیوەندیی بەردەوامـی نێوان ئەو تەکنەلۆژیایانەی، پەیوەندیدارن بە زمـانەوە هەیە و بەگشـتیی کاریگەرییـان لەسەر ژیانی مرۆڤ نیشاندەدەن. گشت ئەوانە قوتابی بۆئەوە پێدەگەیەنن،

هەڵوێستی دروستی ئەخلاقیی بەرامبەر بەو ئامێرانە و بەکاربردنیان هەبێت.

خوێندنی زمان بنەمایەکی کۆزانیاریانەی/مەعریفیی پتەو بە قوتابیی دەدات، تاوەکو بتوانێت تێکەڵ بە مژار و دۆزەکانی زمان و ژینگەی نەتەوەیی و لایەنەکانی زمان، وەک زمانی دەستوریی/دیوانیی و ستاندارد بۆ حکومەتی هەرێم و دەوڵەتی کوردیی ببێت و بتوانێت بەشێوەیەکی ئەرێیانە بەشداریی لە بەدەستخستنی ئامانجەکانی کۆمەڵگای کوردییدا بکات و لە کۆتاییشدا ئاراستەی پیشەیی خۆی بۆ ئایندە دیارییبکات و وەک هاوڵاتیی ببێتە ئەندامی بە سودی وڵاتەکەمان.

٢/٢/ ئامانجی گشتیی خوێندنی زمانی دایک و خوێندنی کوردیی

ئامانجی خوێندنەکە بۆ قوتابیی (بەرلە زانکۆیی) و دواتریش بۆخوێندکار (ی زانکۆیی) بەگشتیی قوولکردنەوەی باوەڕبونە بەو ڕاستییەی، کە زمان وەک توانستێکی بۆماوە، مۆدولێکی سەرەکیی مێشکی مرۆڤەو کە بایەخدان بە زمان گرنگیدانە بە ئاوەزی مرۆڤ. ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی فێرخوازی زمان (قوتابیی و خوێندکار) خۆشیی و چێژ لە زانستی زمان (ی کوردیی) ببینێت و هەوڵ وکۆششی زانایانی بوارەکە بەرزبنرخێنێت و ڕێزی بۆیان هەبێت. فێرخواز بۆ بیرکردنەوە لە پێکهاتەکانی/پێکهێنەرەکانی زمان و پەیوەندیەکانی نێوانیان دەوروژێنێت. لەسەروئەوانەیشەوە، ئامانجی پتەوکردنی بناغەی زانستیی قوتابییە لە کۆزانیارییدا لەسەر زمان و لایەنەکانی، لەسەر پەیوەندیی بە مرۆڤ و چاپوکیی خۆیەوە لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵا ڕێگاکانی دراسەو لێکۆڵینەوەی زمانداو دواتریش لەگەڵا ئامێرەکانیانداو پەیوەندیی بە زانستەکانی دیکەی وەک زانستی دەرونیی و پەروەردەییەوە. هەر وەک ئاماژەپێیدرا، پەرەدان بە تواناکانی قوتابی لە تێگەیشتنی وردو قووڵا، بەستنەوەی پەیوەندیە

لۆژیکیەکـان بەیەکەوە، هەڵهێنجـانی لـۆژیکیی، بیرکـردنەوەی ڕەخنەگـرانە، خسـتنەکاری ئەو سـتراتیژیانەی، لە بیرکـردنەوە، دیراسـەو لێکـۆڵینەوەدا وابەستەی بەرنامەی زانستیین، بۆ وەرگرتنی بڕیار لە ژیانی زانسییدا، بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان بە توانـای بەرز، بـۆ دروسـتبونی مەیـل لەلای قوتابی (و خوێندکار) لەبۆ وەرگرتنی بەهاو ئاڕاستەی ئەو زانستانەی، کە پەیوەنـدییان بە پێویسـتیی و ویسـتەکانیەوە لە ئاینـدەدا دەبێـت و لەبـۆ وەرگرتنـــی ڕۆشـــنبیریی کـــۆمەڵا و زانیـــین لەبـــارەی ئاســـۆکانی، "ئامانجی خوێندنی کوردیی"ن.

٣/٢/ پێوەرەانی ناوەرۆک بۆ پۆلەکان

لەڕێـی پرسـیارەکانی قوتـابییەوە، لەم تەوەرەدا زانیـاریی لەبـارەی زمـانەکەی، ئەدگارەکـانی زمـانەکەی و زمـانە جیاوازەکـان و بنەماکـانی پۆلێنکردنیـان هەڵهێنجانـدەکرێت. گرنگیـی زمـان، پاراسـتن و گەشـەدانی گفتوگۆیـان لەسـەردەکرێت (بیشـڕوانە پێوەرەکـانی نـاوەرۆک بـۆ پـۆلی (١_٣)!).

٤/٢/ ئامانجی هەر پۆلێک لە پۆلەکانی خوێندنی کوردیی

ئامانجەکـــانی قۆنـــاغە جیاوازەکـــان بەنـــدن بەیەکەوە تەواوکەری یەکترین. هەر پۆلێک لە پۆلەکانی قۆنـاغە جیاوازەکـانیش ئامـانجی تـایبەت بەخۆی هەیە (بڕوانە ئامانجەکانی خوێندنی پۆلی (١)!).

## ٣/ بوارەکانی بەڵگەنامەی پرۆگرامی خوێندنی کوردیی (١_٣)

قۆناغەکـانی خوێنـدن: قۆناغەکـانی خوێنـدنی بنەڕەتیـی بەدەر لە بـــاخچەی ســـاوایان، بـــریتیین لە پـــۆلی یەک_ســـێ، چوار_شـــەش و حەوت_نۆی بنەڕەتیی.

بوارەکـانی ئەم بەڵگەنـامەیە بەشـێوەیەکی گشـتیی شـەش تەوەری سـەرەکیی دەگرنەخـۆو لایەنەکـانی کۆزانیـاریی زانسـتی زمـانی کـوردیی دەگرنەوە. هەر یەک لە بوارەکان لەچەند تەوەرێک پێکهاتووەو بابەتەکانی تەوەرەکـان بەسـەر قۆناغەکـانی خوێندنـدا دابەشـدەکرێن، بە جۆرێـک کە قوتـابیی بـۆ خوێنـدنی زانسـتی زمـان (ی کـوردیی) و زمـان و ئەدەبـی کـوردیی لە زانکـۆدا ئامادەدەکرێـت. تەوەرەکـان لەلایەک و بابەتەکـانی تەوەرەکـان لەلایەکـی تـرەوە بەشـێوەیەک تەواوکەری یەکتریـی دەبـن و بۆیەکتری دەگەڕێنەوە، کە ئامانجەکانی هەر قۆنـاغ و پۆلێک لەو قۆناغـانە یان پۆلی خوێندنەکە دەپێکن و دەهێننەدییتن.

ئێمە ئێستا گفتوگۆکانمان بۆ قۆناغی یەکەهەم (١_٣) و بەتایبەتیی بۆ پـۆلی یەکهەمـی بنەڕەتیـی دەخـوات، کە ئامانجەکـانی بـاخچەی سـاوایان و خـــودی ئەم پۆلەیـــان لە پەروەردەوپێگەیاندنـــدا تێـــدایەو پـــلان بـــۆ بەرجەستەکردنیان دادەنرێت. پۆلی یەکهەمی قۆنـاغی بنەڕەتیی بریتییە لە پردی بەستنەوەی باخچەی ساوایان و پۆلی دوهەمی بنەڕەتیی. لە نەبونی بـاخچەی سـاوایاندا لە هەمـو شـار، شـارۆچکە، شـارەدێ و گوندەکانـدا، تەوەرە ســـەرەکیەکانی قۆنـــاغی بەر لە پـــۆلی یەکـــهەم دەهێنرێنەنـــاو تەوەرەکانی ئەم سەرەتایەی قۆناغی بنەڕەتییەوە.

**بواررەکان:**

١_ فەرهەنگ

٢_ ڕێزمان (سینتاکس/مۆرفۆسینتاکس و مۆرفۆلۆژیی)

٣_ نوسیین و خوێندنەوە لەگەڵا ئۆرسۆگرافیی

٤_ مۆرفۆلۆژیی

٥_ فۆنۆلـــۆژیی (مۆڕفۆلـــۆژیی و فۆنۆلـــۆژیی لەگەڵ ســـینتاکس و فۆنۆلۆژیی)

٦_ سیمانتیک (واتای وشەو ڕستە)

١/٣/ تەوەرەکان

**کۆزانیاریی زمانیی/**ڕێزمانیی، _نەتەوەیی و _گشتیی:

کۆزانیـــاریە زمـــانیەکە خـــۆی لە فەرهەنـــگ و دروســـتەکانداو ڕێزمـانیەکەیش لە وانەکـانی سـەرچاوە سـەرکیەکاندا، لە کتێبی ڕاهێنـان و چالاکیەکاندا دەبینێتەوە. بەتـایبەتیی، گفتوگۆ فرە_چەشـن و بەردەوامەکـان ئەم لایەنەو بەرزکـردنەوەی توانـای قوتـابیی لەسـەر داڕشـتنی دەمیـی و بەنوسینی بەردەوام پێکەوە کۆدەکەنەوە.

**فەرهەنـــگ:** لەگەڵ ئەوەیشـــدا، کە ئامـــانجی ســـەرەکیی گەیانـــدنی تایبەتەمندیی و ئەدگارەکانی گەنجی وشەکانی زمانی کوردییە بە قوتابیـان —بەگـوێرەی دابەشـکردنیان بەسـەر قۆنـاغ و پۆلەکانـدا، بەڵام پێویسـتە پلان_دانەر لە مۆدێلی ڕێزمانی کوردییدا شارەزاییەکی تەواوی هەبێت.

تێکەڵبـــــــونیی پێکهاتەکـــــــانی ڕێزمـــــــان و گرنگیـــــــی بڕیـــاردەرانەی کـــاتەگۆریی"پۆلەڕەگەز بەگشـــتی لە خـــودی ڕێزمـــانی کوردییداو لە پەیوەندیی نێوان ڕێزمان واتادا"(محەمەدی مەحویی: ٢٠١٦) داوای ئەوە دەکەن، کە پێویسـتە ناسـینی کاتەگۆریەکـان هەر لەسـەرەتای خوێندنـدا بـابەتی ســەرەکیی بێـت. نـاو، ئاوەڵنـاو، ئـاوەڵکرداو کـردار کاتەگۆریە سەرەکیەکانن، کە بە شێوەیەکی سەرەکیی لە ناو وێنەکاندا بۆ قسەلەسەرکردن و لە پەڕادیگمای جۆراوجۆردا دەهێنرێنەوە:

١- دەستی من، ٢_ دەستی نەوزاد، ٣_ شاری ئامادە، ٤_ دارهەنار،

سەری من، دەستی سیروان، شاری کەرکووک، دارگوێز،

چاوی من، دەستی ئاکام، شاری بانە، دارهەنجیبر.

تا دەکرێت پێویستە لە سەرەتادا ئەو وشانە هەڵبژێردرێن، کە سادە، چەسپاوو نەگۆڕن (/کور، گوپ، برا/). ئەو وشانەی گۆڕانکارییان بەسەردا دێت دوو جۆرن: ئەوانەیان کە لە فۆرمی مۆرفۆلۆژییدا، دەنگ، کاتەگۆریی و واتایان دەگۆڕێت (/گوپ/ ~ /گوو‌پن/، /کور/ ~ /کوڕان/، بەڵام /برا/ ~ /برایان/). وشەیش هەن، کە بەپێی جێکەوتەکانیان پۆلەڕەگەزو گۆکردنیان (بەجێهێنانی ئەرکیان) دەگۆڕێت. دەبێت نمونەکان بەوانەیان دەستپێبکات، کە حاڵەتی بنەڕتیین، نەک بە گۆڕدراوەکانیان. لە قۆناغەکانی دواتر‌داو لەبۆ گەیاندنی ڕێزمان گۆڕدراوەکان پێشکەشدەکرێن.

٢- أ- چەند قوتابیی لە پۆلەکەدان؟

ب- نازانرێت چەند قوتابیی لە پۆلەکەدان.

پ- چەندمان پێگوت، هەر قسە قسەی خۆی بو.

٣- نەوزاد بۆ قوتابخانە چو. ~ _ب) نەوزاد چو بۆ قوتابخانە.

**ڕێزمان:** ڕستەکان لە ڕستەی سادەو کورتی هەواڵ_دەربڕی بەبێ مۆرفێمەکانی نەکردنەوە دەستپێدەکەن تا بە ڕستەی کەمێک ئاڵۆزو ئاڵۆزتر دەگەن. ڕستەکان لە سەرەتادا تێنەپەڕن و پاشان تێپەڕی فرە_هێزیی دەبن. بە مەبەستی ناساندنی چەشنەکانی ڕستەو لەگەڵیشیدا تەوژم بە قوتابیان چەشنەکانی ڕستەی هەواڵیی_دەربڕ، ڕستەی پرسیار بە واژەگۆکەری پرسیاری /ئایا/ ەوەو بەبێ ئەو پارتیکڵە بە تەوژمەکانی خۆیانەوە بابەتی پۆلی کۆتایی ئەم قۆناغە دەبن (بڕوانە گرنگیی کاتەگۆریەکان لەم ڕێزمانەدا!).

٤- أ- نەوزاد هاتووە.

ب- ئایا نەوزاد هاتووە؟

٥- أ- نەوزاد هاتووە؟

ب- نەوزاد هاتووە!

پۆلە ڕەگەزە فەرهەنگیەکان دوو چەشنی سەرەکییان هەیە: یەکێکیان پۆلەڕەگەزە سەرکەییە فەرهەنگیەکانە، کە هێز_کۆتایین و ئەوی دیکەیان ناسەرەکیەکانن، کە هێز_سەرەتایین. ئەمانەی دواییان بەزۆریی وشە لۆژیکیەکانن، کە دەبێت لەم قۆناغەدا بە قوتابیی ئاشنابکرێن: /بەڵا/، /بەڵکو/، /چونکە/ ...

٦- من دێم، بەڵام دوادەکەوم.

٧- تەرزە زۆرەکە لە زستاندا نەباری، بەڵکو لە سەرەتای بەهاردا لافاوەکەی هەڵستان.

٨- نەسرپين بۆيە ناچێت بۆ سەيران، چونكە تاقيكردنەوەی لە ڕێزمانی كورديیدا هەيە.

**دارِشتن:** لەو بابەتەی كۆتاييەوە دەپەڕينەوە بۆ بابەتی دارِشتن بە دەم و بە نوسيين. دارِشتنی دەميی بە قسەكردن لەسەر وێنەكان، ناونيشانی وانەكان و گێڕانەوەی چيرۆك و ڕوداوی تايبەت بە قوتابيان دەستپێدەكات. ڕستەكانی سەرەتا كورتن و لە ژمارەدا زۆر سنوردارن و لەگەڵ سەركەوتنی پۆلەكاندا لەلايەكەوە ڕستەكان ئاڵۆزترو زۆرتر دەبن و لەلايەكی تريشەوە، ئەوەی بەدەم دەگوترێت دەنوسرێت. لە نوسينەوەدا لەبەر سەرچاوە سەرەكيەكە، بۆ نمونە، لەڕوی واتاوە/ناوەرۆكەوە ڕەچاوی ئەم لايەنەی پەخشان دەكرێت. واتە نوسيينەوە بە پێی ڕستەو پەرەگراف.

**ئۆرسۆگرافيی:** لەگەڵ ئەلفوبێكەدا، واتە پەيوەنديی نێوان دەنگ و پيت، ناسينی نوسينی چاپ و نوسيين بەدەست و پەيوەنديی نێوانيان لەگەڵ نوسينی جوان و خۆشنوسيين لە بابەتە سەركيەكانن. تێكەڵبونی پێكهاتەكانی ڕێزمانەكە ژمارەيەكی زۆری لە وشە، فرێزو ڕستەی هاوبێژی هێزو تەوژم_جياواز لێكەوتوەتەوە، بۆيە ئاماژەدان بەم لايەنەی زمانەكەمان لە كۆتايی ئەم قۆناغەدا پێويستە. ديارە، كە ئەو هاوبێژو هەماندەنگيانە جۆری نوسينی جياوازی بەسەريەكەوەو بەلكاويی يان بەجياو بە نەلكاوييان هەيە.

٩- أ- نەسرپين دەموچاوی دەشوات.

ب- نەسرپين دەم و چاوی دەشوات.

٢/٣/ تەوەرەکان بۆ پۆلی یەکەم:

١- پـۆلێنکردنی هەر یەک لە بوارەکـان بـۆ بابەتەکانیـان (ئەوانەی لە قوتابیی چاوەڕێدەکرێن):

قسەکردن و ئاخاوتن لەسەر وێنەو ناونیشانی وانەکان لەگەڵ

دەربڕینی ڕستەی کورت وەک دەربڕی داڕشتن بەدەم،

پەیوەنـدیی نێـوان هەر یەک لە دەنگەکـانی زمـان و پیتەکانیـان لەگەڵ نوسیین، خوێندنەوە، تێگەیشتن،

بڕگە و وشە.

واتـــا، ڕیزبـــونی دەنگەکـــان لە وشـــەیەکی دەربـــڕدراوداو ڕیزبـــونی پیتەکانی لە وشە نوسراوەکەیدا مەبەستە.

٢- تایبەتمەندیی و ئەدگاری هەریەکەیان

٣- هەڵاوێرکـــردن و هەڵبژاردنـــی بابەتەکـــان بەپێـــی فەرهەنـــگ و ڕێزمانەکەو ئامانجی قۆناغ و پۆلەکە.

ناوەرۆکی تەوەرەکان لەسـەر بنەمـای چەمکی ڕیزبونی پێکهـاتەیی و و زانستیی خۆیان پێشکەشـدەکرێن، بە جۆرێک کە پەیکاڵی پێکهـاتەی (بۆ نمـونە ڕێزمـانەکە) هەر یەکەیـان لە چەسـپاوو نەگۆڕدراوەکـانەوە بـۆ نەچەسپاو بڕۆن:

سەرەوڕیزبونی، ئەوانەی دەگۆڕێن:

١٠- من نامە دەنوسم.

١١- من بۆ قوتابخانە دەچم. ~ من دەچم بۆ قوتابخانە.

١٢- أ- /گرتن/: من تۆم گرت. ~ من تۆ دەگرم.

ب- /نوستن/: من نوستم. ~ من دەنووم.

/خواردن/: من سێوەکەم خوارد. ~ من سێوەکە دەخۆم. ~ سێوەکە بخۆ!

/ڕشتن/: من ئاوەکەم ڕشت. ~ من ئاوەکە دەڕێژم. ~ ئاوەکە مەڕێژە!

لەم بارانەدا، تەوەرەکان و بابەتە هەڵبژێردراوەکان پێویستیی قوتابیی پڕدەکەنەوەو هیواو مەبەستەکانیان تێردەکەن. لەگەڵ ئەوەیشدا ڕەچاوی جیاوازیی نێوان قوتابییەکان دەکرێت لەڕوی توانست و تواناوەوە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستیان. بابەتەکان بۆ پۆلەکانی (١_٣) دیاریکراون:

(أ) توانای بیرکردنەوەو فێربوون و پەیپێبردن بە پەیوەندیەکان (دەنگی زمانیی و پیت، وشەو ئاماژەبەندەکەی، وشەو ڕستە، ڕستەو پەخشان، دەربڕیین و نوسیین، ڕێزمان و واتا، نوسینی چاپ و نوسینی دەست، جوان_نوسیین و خۆش_نوسینیین). لێرەوەیە، کە قوتابیی سیماو ڕواڵەتە زانستیەکان هەستپێدەکات و ڕێگەی گرتنەبەری بەرنامەی/پلانی زانستیی و ڕێگاکانی دەدۆزێتەوەو لە کەشفکردن دەگات.

(ب) توانای کەسیی و کۆمەڵایەتیی: لەوانە چاپوکیی/مەهارەی قسەکردن و نوسیین لەگەڵ گفتوگۆکردنی بە کۆمەڵ و فراوانکردنی جێبەجێکردنی ڕێبازو کۆزانیاریەکان بەسەر لایەنەکانی دیکەی ژیاندا،

وەک بــۆ نمــونە، حوکمــدان و بەڵگەهێنــانەوەو لەڕێیــانەوە پەرەدان بە تواناکانیان.

(پ) توانـــای کـــارکردن لەنـــاو کۆمەڵگـــاداو هەســـتکردن بە هــاوڵاتیبوون : بەکارهێنــانی زمــان لە نوســینی بابەتەکــانی ژیــان و چارەسەرکردنی کێشەکاندا، واتە کارکردن لەسەر پڕۆژە.

ئەم بەڵگەنــامەیەی پرۆگرامەکــان ڕابەرێکــی یارمەتیــدەرە بــۆ مامۆســـــتایان و بەڕێـــــوەبەرو ڕاژەکـــــارانی (ســـــتافی) ئەو بەڕێوەبەرایەتیــانەی، کە ڕاســتەوخۆ پەیوەنــدییان بە پێگەیانــدن و وانەبێــژییەوە هەیە، بــۆئەوەی لە ئامــانجی بەڵگەنــامەو پێوەرەکــانی بگەن و ڕێگە بۆپلاندنیان خۆش و ئاسان بکات. بەم جۆرە، مامۆستا لە ڕێــی بەڵگەنــامەکەوە یــارمەتی قوتــابی لە وەرگــرتن و فێربوونــدا دەدات. هەروەها یارمەتی مامۆستایش لە هەڵسـەنگاندن و نرخاندنی گشت ئەوەانەیشدا دەدات، کە وەریانگرتوون و فێریانبوون.

/٣/٣ پێوەرەکانی ناوەرۆک بۆ پۆلی (١_٣)

- تەوەری پــۆلێنکردن و جۆراوجــۆریی: قســـەکردن لەســـەر وێنەکان و بەشداریکردن لە گفتوگۆی ناو پۆلدا.

- تەوەری تایبەتمەندیی دەنگ و پیتەکان: پرسیارکردن لەبارەی پەیوەندیی دەنگ و پیت، لە جێکەوتەی سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی وشـــەدا (جـــۆری هـــاتن، دەرکەوتـــن و نوســـیینی). تایبەتمەنـــدیی و ئەدگاری وێنەکان و کۆزانیاریی گشتیی و _کوردیی.

- تەوەری پێکهاتە وردەکانی زمان: دەنگ، بڕگە، وشەو ئاخاوتن/قسەکردن.

- لە پۆلی (٢_٣) دا بەرەو جێبەجێکردنی پڕۆگرام و ڕێگاکان دەبێت لە ئاخاوتنی ئاسایی و نوسییندا، لە بەستنەوەی چەمکەکان بە مەوقیفەکانی ژیانەوە، لە بیرکردنەوە لە بڕیاردان و ئەنجام، لە هەڵگرتنی بەرپرسیاریێتیی لە زمان_بەکارهێناندا و لە بەستنەوەی کۆزانیاریە زمانیی و گشتیەکان پێکەوەو وێناکردنی کۆزانیاریی گەورەترو گشتگرتر.

٤/٣) ئامانجەکانی خوێندنی کوردیی پۆلی (١):

١_ قسەکردن و بەشداریکردن لە گفتوگۆداو پەخشانی دەمیی (ڕستەی کورت) لەگەڵ پەیوەندیی نێوان دەنگ و پییت.

٢_ پۆلێنکردنی دەنگ_پییت (سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی وشە)

٣_ نوسینی پییت، وشەو خوندنەوەی.

(١_٢) تەوەری سەرەکیی پێکدەهێنن.

٣_ جوان_نوسیین بە دەست، کە تەوەری لاوەکیی دەنوێنێت.

٤_ پەسنکردنی ناوەرۆک: چیی لە قوتابیی چاوەڕێدەکرێت؟ ناسینەوەی دەنگ، بڕگە، وشەو نوسیین و خوێندنەوەیان لەگەڵ قسەکردن، پرسیارکردن و پێزانیین یان هەڵهێنجان.

**ئەنجام:**

تاچەنــد لەو ســەرچاوانەی خوێنــدنی کــوردیی بەر لە زانکۆییــدا و بەتــایبەتی لەوەی پــۆلی یەکهەمــی قۆنــاغی بنەڕەتییــدا پەیــڕەوی تایبەمەنـدیەکانی فەرهەنـگە ئـاوەزیەکە کـراوە و تاچەنـد ڕێزمـانەکەی لە سنوری ڕێزمانەکە دابەزیوە یان لایداوە لەلای پسپۆڕانی زانستی زمان، مامۆســتایانی زمــان و مامۆســتایانی پەروەردە لە کۆلێژەکــانی زمــان و پەروەردەی زانکۆکــانی کوردســتان ئاشــکرایە و لەو مەترســیانەی لێکەتـونەتەوە و لێیـدەکەونەوە بەئاگـان. لەوانە نەمـانی خۆشەویسـتیی و ڕێز بۆ زمـانی دایک و بێسـەروبەریی لە زمانبەکارهێنانـدا، سـودنەبینین لە زمانەکە لە وەرگرتنی زمانی بیانییدا و تێنەگەیشتن لە تەوەر و بابەتەکانی خوێندنی زانستەکاندا لە قۆناغەکانی بەر لەزانکۆییدا.

سـەرچاوەکانی خوێنـدنی کـوردیی کـام لەو لایەن و ئەدگـارانەی تێدا نییە (بڕوانە (٢/١) و (٢_١)!)؟

لەبەرئەوەی فەرهەنگی ئاوەزیی و ڕێزمانە کوردیە تەواوەکە بەگشت ناوەرۆکەکانیـانەوە (کۆزانیـاریی زانسـتیی زمانیی/ڕێزمـانیی و کۆزانیـاریی گشـتیی) ئامـادەنەکراون و لەبەردەسـتدا نیـین، ناتوانرێت بانگەشـەی ئەوە بکرێت کە ئامـادەکردن و دانـانی ئەلفوبێی کـوردیی بەپێی بەڵگەنـامەیەکی پرۆگرام بەڕێوەبراوە و تەواوکراوە. بەڵگەیەک بۆم ڕاستییە ئەو جیاوازییە گەورانەیە، کە لەنێوان ناوەرۆکی خوێندنی کوردیی نـاو زانکۆ و خوێندنی بـاڵا و ســەرچاوەکانی خوێنـدنی قۆناغەکـانی بەر لەزانکـۆدا هەن و دوو کۆزانیاریی دوورلەیەکەوە یان نێواندژەوە –چەوت و دروست بە فێرخـواز (قوتابیی و خوێندکار) دەدەن.

بەبێ ئامادەکردنی فەرهەنگی ئاوەزیی و ڕێزمانە کوردیەکە هیچ بەڵگەنامەیەکی خوێندنی زمانی کوردیی دروست و ئامان_پێک نایێت، بۆیە هەرچ دەزگایەکیش بەرپرسیاریێتیی دانان و پێشخستنی بەڵگەنامەی ئەو خوێندنە دابنێت، پێویستە بە پلەی یەکەم بە پسپۆڕی زانستی زمانی کوردیی پشتببەستێت.

لەسەرو ئەوەیشەوە، پێویستە سستەمی پەروەردە بە گشتیی کراوە بێت، نەک داخراو، بۆیە پێویستە ڕێگە بە بەڕێوبەرایەتیە گشتیەکان بدرێت و هەلومەرجیان بۆ برەخسێنرێت بتوانن بەڵگەنامەی پرۆگرامەکان دابنێن و بۆ ئەو مەبەستە/پرۆژەیە جۆرێک لە پێشبڕکێی زانستیی بێتەئاراوە.

**سەرچاوەکان:**


- محەمەدی مەحویی (٢٠١٠) مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکهەم، زانکۆی سلێمانی.
- محەمەدی مەحویی (٢٠١١) بنەماکانی سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکهەم، زانکۆی سلێمانیی.
- محەمەدی مەحویی (٢٠١٦) بەستانداردکردنی زمانی کوردیی، لە بڵاوکردنەوەدایە.
- مشروع توير المناهج العراقيه (٢٠١٣).

**Abstract**

The swift development of the scientific functioning approach of knowledge production has participated in the development of the educational sciences as well. On the other hand, the previous approach and knowledge are not compatible with the intelligence and the level of smartness of our children and our new generations. This means that Kurdish linguistics and educational science lack knowledge about general linguistics, educational science and a great deal of national and international knowledge. In other words, the current needs, goals and hopes are not fulfilled by our previous science and ideas.

Side by side with the establishment of philosophy and educational stages' goals (in the basic and post basic education), it is expected that the rich process of education will be set as the primary goal and the nurturing one as the secondary. Learning through observation, contemplation, analysis, and deduction by children should replace teaching by memorization and imitation (dictation). In the educational programs, the standard Kurdish should be specified completely and appropriately according to its program, field, axis, grammar topics and the mental lexicon; both in terms of their horizontal order and in their vertical sequence, in a way that the standard Kurdish will become source and basis for education and nurturing.

**ملخص:**

ساهم التطور السريع لنهج الأداء العلمي لإنتاج المعرفة في تطوير العلوم التربوية أيضًا. من ناحية أخرى ، فإن النهج والمعرفة السابقة غير متوافقين مع ذكاء ومستوى ذكاء أطفالنا وأجيالنا الجديدة. وهذا يعني أن اللغويات الكردية والعلوم التربوية تفتقر إلى المعرفة حول اللغويات العامة والعلوم التربوية والكثير من المعرفة الوطنية والدولية. بمعنى آخر ، لا تتم تلبية الاحتياجات والأهداف والآمال الحالية من خلال العلوم والأفكار السابقة.

جنبا إلى جنب مع إنشاء فلسفة وأهداف المراحل التعليمية (في التعليم الأساسي وما بعد الأساسي) ، من المتوقع أن يتم تحديد عملية التعليم الغنية كهدف أولي، وعملية الرعاية كهدف ثانوي. يجب أن يحل التعليم من خلال الملاحظة والتأمل والتحليل والاستنباط من قبل الأطفال محل التدريس عن طريق الحفظ والتقليد (التلقين). في البرامج التعليمية ، يجب تحديد اللغة الكردية القياسية بشكل كامل ومناسب وفقًا للبرنامج والميدان والمحور ومواضيع القواعد والمعجم العقلي ؛ سواء من حيث ترتيبها الأفقي أو في تسلسلها العمودي ، بطريقة تصبح اللغة الكردية القياسية مصدرًا وأساسًا للتعليم والتربية.